

● داهاتووی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، دوای مام جەلال لەبەردەم گەلێك پرسیاری بێوەلاّمو ئاماژەگەلێکی لێڵدا وەستاوە، بارودۆخی ئەم حیزبە کە ماوەی ٣٢ ساڵە یەك سکرتێر بەڕێوەیدەباتو جەمسەرەکانی گرێداوەتەوە، نادیارە، کەواتە دوای تاڵەبانی ئەو ڕەمزە کێیە کە دەتوانێت گرێدەرەوەی جەمسەرەکانی ناو یەکێتیی بێت، یان ئایندەی یەکێتیی ئەوەندە نادیارە کە ناکرێت بەئاسانی لەسەر پاشەڕۆژی ئەو حیزبە گرەوبکرێت، ململانێی ناو ڕەمزەکان دوای تاڵەبانی، یەکێتیی بەرەو کوێ دەبات.

بەرزانی ئەحمەد کوردە- لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی سلێمانی (ی.ن.ك) لەسەر داهاتووی یەکێتیی دەڵێت: "یەکێتیی حیزبێکی پانوپۆڕی فراوانەو دەیان ئەزمەی توشبووەو خۆی نوێکردووەتەوەو سەرکردایەتییەکی حەکیمو لێبڕاوی هەیە. ناکۆکییەکیشی هەبێت، ناوەکییەو لەکاتی ئەزمەدا واز لە ناکۆکییە ناوەکییەکانی دێنێتو خۆشبەختانە مام جەلال تەندروستیی باشە، بەلاّم یەکێتیی کۆمەڵێك سەرکردەی نوێی هەیە لە گەشەکردنداںو خوانەکردە گەر مام جەلال-یش شتێکی لێبێت، یەکێتیی دەتوانێت سکرتێر هەڵبژێرێت. پێشموانییە مام جەلال وێنەی هەبێت لە مێژووداو بەدیلی مام جەلال لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە. دوورکەوتنەوەی مام جەلال زیانی هەیە، بەلاّم ئەوە نییە، یەکێتیی هەڵبوەشێنێت، سەرکردەکانی یەکێتیی قاڵنو خوانەکردە لە نەبوونی مام جەلال-یشدا دەتوانن درێژە بە یەکێتیی بدەن، نەخۆشییەکەی گیانی برایەتی بەهێزکردووەو ڕایچڵەکاندینو وایکرد ناکۆکییەکان فەرامۆشبکەین".

دەربارەی ئەوەی کە هەڵبژاردن ناتوانێت کێشەی سکرتێر لەناو یەکێتییدا یەکلابکاتەوە، بەرزان کوردە ڕای وابوو کە "هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو جگە لە ئاماژەی ترسناك، ئاماژەی خێرشی تێدابوو، بەوەی کە دەتوانین لەناو یەکێتییدا حورمەت بۆ هەڵبژاردن بگێڕینەوە، چونکە لە ڕۆژهەڵاتدا خەڵکی لە هەڵبژاردن نەگەیشتوون". دوورکەوتنەوەی جێگری سکرتێری گشتیی ی.ن.ك دوای بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو، چ کەلێنێکی لەناو یەکێتییدا بەجێهێشتووەو یەکێتیی چۆن لە پڕۆژەکەی

## بەرزانی ئەحمەد کوردە

### لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی

# "١٥ساڵ مەڵبەندی سلێمانی بە دەست باڵەکەی کاک نەوشیروانەوە بوو، ئەگەر ریفۆرمی دەکرد بۆ نەچووە سەر ئەوانەی کە گەندەڵی دەکەن، بە بڕوای من هەیە باسی گەندەڵی دەکات و بۆخۆشی کەسێکی گەندەڵە"

## پڕۆژەکەی کاك نەوشیروان پرۆژەی یەکێتییە و تا ئێستاش لە یەکێتیی ئیستیقالەی نەکردووە، بەوەی قەتعی یەکێتیی بکات

دیداری ئەحمەد میرە و هێمن باقر
فۆتۆ : هێمن

جێگری سکرتێر دەڕوانێت. لێپرسراوی مەڵبەندی یەك لەمبارەیەوە دەڵێت: "کاك نەوشیروان دوورنەکەوتووەتەوە لە یەکێتیی، پرۆژەکەی پرۆژەی یەکێتییە دەیەوێت بەو کۆمپانیایە خزمەتی یەکێتیی بکات، کۆمەڵێك کەسی رۆشنبیرو بەتوانای کۆکردووەتەوە، بەڕاستی ئەوەش هەر بۆ یەکێتییە. کاك نەوشیروان تا ئێستا ئیستیقالەی نەکردووە بەوەی قەتعی یەکێتیی بکاتو بڵێت جارێکی تر نایەمەوە، هەموو ئەوانەی کار لە پرۆژەکەیدا دەکەن، یەکێتیینو کەسێکی تێدانییە ئینتیمای بۆ یەکێتیی نەبێت. دوورکەوتنەوەی کاك نەوشیروانو برادەرەکانی کەلێن بەجێناهێڵێت، هەرچەندە یەکێتیی بەوەوە جوان بوو، ئەگەر لەناو یەکێتییدا کاریان بکردایە، یەکێتیی بەهێزتر دەبوو، بەڵام ئەوەش نییە کە یەکێتیی لاوازبکەن، ئەوەتا ئەوانیش نەمانو یەکێتیی لەسەر پێی خۆی وەستاوە". بەرزانی ئەحمەد کوردە دەربارەی ئەوانەی چوونەتە دەرەوەی یەکێتیی، بەمجۆرە بۆ گۆڤاری لڤین دوا "کاك سالار دە ساڵە وازیهێناوە، کاك فەرەیدون لەگەڵ کاك نەوشیرواندا نییەو کاسبی خۆی دەکاتو بابەکر دڕەیی کادرێکی هێندە پێشکەوتوو نەبووەو ئەندامێکی مەکتەبی بیرو هۆشیاری بووە. قورساییەکی وای لەناو رێکخستندا نییەو کاریگەریی لەسەر دە کەس نییە".

ئایا دوای تاڵەبانی ململانێی ناوخۆی یەکێتیی دەگوازرێتەوە بۆ ململانێی نێوان دوو جێگرەکەی تاڵەبانی، بەو سیفەتەی کە دوو جێگرەکەی خاوەن دوو دونیابینیی جیاوازن، لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی لەمبارەیەوە دەڵێت: "مام جەلال کاتێك دوو جێگری داناوە، بیری لە یەکێتیی کردووەتەوە، مام جەلال وەسیەتی نەکردووە کە دوای خۆی د. بەرهەم ببێتە سکرتێر، بەڵکو یەکێتیی بە هەڵبژاردن سکرتێر دیاری دەکات. د. بەرهەم کەسێکی دیبلۆماسییو رۆشنبیرو خاوەنی شەهادەیە، کاك کۆسرەت-یش پیاوێکی کۆمەڵایەتییو موزەحیو تێکۆشەرو ناسراوە. مام جەلال گرنگی هەردووکیان پێکەوە دەزانێت. کەسیان فەرز ناکات بەسەر یەکێکی تریاندا. کەسمان دیارینەکردووە بەدیلی مام جەلال بێت، ئێمە رێگەنادەین مام جەلال وازبهێنێت، هیچ گەنجێك توانای مام جەلال-ی نییە، رەنگە لە داهاتوودا بەرنامە بۆ خۆی دابنێتو کەمتر خۆی هیلاك بکات، رەنگە پەیوەندییەکان کەمتربکاتەوە، ئێمەش داوای لێدەکەین هێندە خۆی ماندوونەکات".

بەرزانی ئەحمەد کوردە سەبارەت بەو قورساییەی باڵی نەوشیروان لە مەڵبەندی سلێمانی هەیەتیو وازهێنانی باڵی نەوشیروان لە سنووری مەڵبەندەکەیو لەبارەی ئەو گۆڕانانەی کە لە بەرژەوەندیی باڵی نەوشیروان مستەفادا ئەنجامدراون، دەڵێت: "کاك نەوشیروان کۆمەڵە نەبووە، خۆی دەڵێت بە تەکلیفی مام جەلال بوومەتە سکرتێری

کۆمەڵە، باڵێك لەناو یەکێتییدا نەهاتووەتەدەر، مەڵبەندی سلێمانی کە بە باڵی کاك نەوشیروان ناسراوە، هەمووی دەوامدەکاتو تەنها کەسێکی تیانییە کە چوویێتە کۆمپانیاکەی کاك نەوشیروانەوە. ئەو بەباڵەکەی وتووە لەناو یەکێتییدا بمێننەوەو کاری خۆتان بکەن. کاك نەوشیروان لە هەموو کاتێکی تردا ئامادەیە بێتەوە ناو یەکێتیی. ئێمە پێویستمان بە کاك نەوشیروان هەیە. ئێستا ستافی کاك نەوشیروان لە مەڵبەندا هەیەو تەوجیهیش لەمەن وەردەگرن. ململانێی نێو یەکێتیی شەفافیەتی ئێمەیە، ئەگینا لە حیزبەکانی دیکەشدا هەیەو پەردەپۆشدەکرێتو ناوێرن باسیبکەن، بەڵام ئێمە شەفافانە باسیدەکەین. پێدانەوەی هەندێك پۆست بە باڵی کاك نەوشیروان دڵدانەوە نەبووە، بەڵکو هەبووە دوو کاری هەبووە، کارێکی لێسەندراوەتەوەو درایە ئەوان. شتی وا لە گۆڕێدا نییە کە لێپرسراوی ئەم مەڵبەندە بگۆڕێت بۆ رازیکردنی کاك نەوشیروان، بەڵام ئەگەر بزانم یەکێتیی کێشەیەکی هەیە بە من چارەسەردەبێت، ئاساییە وازدێنم. ستافەکەی پێشوو هەموو خەڵکی تێکۆشەرن، بەڵام دیارە لە ئاستی پێویستدا نەبوون، بۆیە بەدیلی تر دەرچوو". دەربارەی رێژەی وازهێنانی لەناو یەکێتییدا، لێپرسراوی مەڵبەندی یەك دەڵێت: "ئەو ژمارە زۆرەی وازهێنان کە رۆژنامەکان باسیدەکەن، هەمووی دیعایەیە. ئەو رۆژنامانەی ئەو کارە دەکەن، میسداقیەتی خۆیان لەدەستداوە. هەقە جەماوەر ئیدی باوەڕیان پێنەکات، کەس وازی نەهێناوە. بە کادیرە ئیعلامییەکانیشەوە کەس بەرەسمی نەرۆیشتووە، بەڵکو هەبووە ئیشی نەبووە، یان بەرپرسیارتییەکی گەورەی نەبووە وازی لێهێنێتو برواتە ئەوێ. کاك سالار عەزیز ماوەیەکی زۆرە دانیشتووەو ئێستا لەوێ کاردەکات، کاك قادری حاجی عەلی خۆی هەڵنەبژاردووەتەوە. هاوڕێیانی رۆیشتوو کاریگەرییەکی رەسمییان نییە کە بوترێت بەرپرسی ئەو شتەن".

پرۆژەی ریفۆرمو ئایندەی باڵەکەی کاك نەوشیروان لە تێڕوانینی بەرزانی ئەحمەد کوردەی لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی سلێمانی ی.ن.ك بەمجۆرەیە "شتی وانییە کە کاك نەوشیروان خەریکی جۆرێکی تر لە رێکخستن بێت، ئەوە پروپاگەندەی نەیارانی یەکێتییە، من ئێستاش کاك نەوشیروان بە براگەورەی خۆمی دەزانم، بەبێزاریو ناکۆکی وازی لە یەکێتیی نەهێناوەو ئەو کارەی بە چارەسەر زانیوە، لە زووەوە بیری لەمە کردبوویەوە، بەڵام لەبەر خاتری مام جەلال ئەمەی نەکردووە. راستە پرۆژەکەی کاك نەوشیروان پرۆژەی ریفۆرم بووە، بەڵام وانییە، گەر کەموکوڕی هەبێت، لە هەموو یەکێتییدا هەیەو گەر کاری جوانیش هەبێت لە هەموو یەکێتییدا هەیە. دەسەڵات بە دەست باڵەکەی کاك نەوشیروانەوە بووە، بۆ نموونە؛ بەرپرسی ئەم مەڵبەندە پازدە ساڵە بەدەست باڵەکەی کاك نەوشیروانەوەیە. ئەگەر ریفۆرم دەکات بۆ نەیکردووەو نەچووە سەر ئەوانەی کە گەندەڵیی دەکەن، هەموو بەڕێوەبەرانی دائیرەو ئەنجوومەنی پارێزگا ئەم مەڵبەندە دایناون، حاکم قادر بە تەزکیەی ئەم مەڵبەندە دانراوە، ئەگەر ریفۆرم دەکات، بۆ دایدەنێتو ئەگەر گەندەڵە، بۆ دایدەنێت. زۆر کەس هەیە باسی گەندەڵیی دەکاتو خۆی گەندەڵە. قسە شەرت نییە، بەڵام وەرە بزانە بە کردەوە چی کراوە، گەر گەندەڵیی لەناو یەکێتییدا هەبوبێت، هەمووی بەیەکەوە هەیەتی، گەر سەرکەوتن هەبێت هی هەموویەتی".

بەرزانی ئەحمەد کوردە دەربارەی رەمزەکانی دوای مام جەلال بەمشێوەیە بۆ گۆڤاری لڤین دوا : "کەس باسی د. بەرهەمی نەکردووە کە خەباتی شاخی نەکردووە، ئێستا جیلێکی نوێ دروستبووە، خۆم لە شاخ بووم، بەڵام مەسئولی مەڵبەند هەیە لە شاخ نەبووە. قبوڵیشی دەکەینو ئەوە ئەمری واقیعە. د. بەرهەمو کاك کۆسرەت خۆشترین پەیوەندییان هەیە، ئەوان حساب بۆ ئیرادەی یەکێتیی دەکەن. گەر ململانێ نەبێت گۆڕان دروستنابێتو بەرنامەی یەکێتیی دەتوانێت جەمسەرەکان کۆبکاتەوە. کاك نەوشیروان دەستبەرداری یەکێتیی نەبووە، بەڵام ئێستا پێیخۆشە ئەو سەنتەرەی هەبێتو ئەوەی هیوایەتیەتی لەو شتەدا بیبات بەڕێوە، بەڕاستی هەموو حیزبێك گرێوگۆڵی خۆی هەیە. ئەو بێزارنەبووە، لە ساڵی (٩١)ەوە دەیەوێت درێژە بەو پرۆژەیە بداتو دۆخی نائاسایی وایکرد کە کاك نەوشیروان بێتەوە ناو یەکێتیی، وەك وتم لە ئەزمەکاندا هەڤاڵان دێنەوە، بەوانەشەوە کە زۆر نیگەرانن".

سەبارەت بەوەی کە دەوترێت پیلانێکی دەرەکی هەیە بۆ لاوازکردنی یەکێتییو تاڵەبانی بەرامبەر بارزانیو پارتی. لێپرسراوی مەڵبەندی یەك دەڵێت: "شتی لەوجۆرە نییە، رەنگە پێچەوانەکەی راستبێت. لەو کاتەوەی مام جەلال لە نەخۆشخانەیە، ئەمریکا هاتووەتە سەر خەتو دەڵێت عێراق پێویستی بە مام جەلالە. ئەمریکا مام جەلال بۆ عێراقو کوردستان بە زەرور دەزانێت، چونکە مام جەلال هەمەلایەنە بیردەکاتەوە، رەنگە هەندێك خەڵك وا بیرنەکەنەوە، ئەو ئاستی فراوانەو ئەمریکاش سەرکردەی وای دەوێت".

سەبارەت بە چاوەڕێی حیزبەکان بۆ دوای مام جەلال، بەرزانی ئەحمەد کوردە دەڵێت: "لەوانەیە حیزب هەبێت گرەو لەسەر ژیانی مام جەلال بکات، بەڵام ئەو گرەوە، گرەوێکی دۆڕاوە، دڵنیاتان دەکەمەوە کە یەکێتیی حیزبێکی مۆدێرنەو زیندووەو نامرێت، یەکێتیی لەسەر سێ خەت دروستبووەو حیزبی لێبووەتەو هاتووشەتە ناوی".

دەربارەی دەستبەسەراگرتنی سلێمانی لەلایەن چەند بنەماڵەیەکەوە، بەتایبەتی بنەماڵەی تاڵەبانیو فاروقی مەلا مستەفا،لێپرسراوی مەڵبەندییەکی ی.ن.ك وتی: "هیچی وانییە، بنەماڵەی تاڵەبانی پەیوەندییان بە سەروەتو سامانی یەکێتییەوە نییە. هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ رێکخراوەکان کاردەکاتو کوڕەکانی تاڵەبانی، قوباد-یان لە مەکتەبی ئەمریکای حکومەتی هەرێمەو بافڵ لەگەڵ رێکخراوە (NGO)کاندا کاردەکات".